گوللەی ئارپیجیەک لەکلیژی سەربازی قاچوالان تەقیەوە و بەوهیەوە کەسێک گیانی لەدەستداوە و سێ کەسی دیکەش برینداربون



پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ لەکاتی مەشق و راهێناندا لەناو بارەگای فەرماندەیی هێزەکانی پێشمەرگە، گوللەی ئارپیجیەک تەقیەوە و بەوهیەوە کەسێک گیانی لەدەستداوە و سێ کەسی دیکەش برینداربون.

بەوتەی ئەحمەد لەتیف وتەبژی هێزەکانی 70 بە سەرچاوەیەک کەموتێع بەدواداچوونی بۆ کردووە، "تەقینەوەی گوللەی ئارپیجیەکی لەکاتی مەشقی خوێندکارانی کۆلێژی سەربازی قاچوالان لەناو بارەگای فەرماندەیی هێزەکانی پێشمەرگە بوە کە ئەمڕۆ بەشێوەیەکی کاتی لەو مەشق و راهێنانیان کردوە، کەسێک گیانی لەدەستداوە و سێ کەسی دیکەش برینداربون کە دۆخی تەندروستی یەکێک لە بریندارەکان ناجێگیرە".